# گوڵچینی شیعری کوردی




www.rojhalat.de

## پێشه کی:

له پێشه کی ئه م به رهه مه به پێویستم زانی باسێکی کورت و به کەڵک له مێژووی شیعری کوردی به تایبه ت له موکریان دا بکه م.
وه ک له فۆلکلوره کانمان ده رده که وێ میلله تی کورد هه ر له مێژەوه عاشق و خۆلیای شیعر و په خشان و هەڵبه ست و به ند و گۆرانی بوون. ئه ویش ده گه ڕێته وه سه ر هه ستی ناسک و جوانی ئێمه ی کورد و زمانی دەوڵەمەندی کوردی که ئەبزارێکه بۆ دەرخستنی ئه و هه ست و بیر و باوەڕه جوانه.
زمانی عه ره بی وه ک زمانی ئایینی پیروزی ئیسلام شوینی کاریگه ری خۆی له سەر ئه ده بی به شێک له گه لانی رۆژهه ڵات دانابوو.
کێشی عه رووزی (ارکان عروضی) عه ره بی له زاراوه ی سۆرانی دا ده گەڕێتەوه بۆ سه رده می ده سه ڵاتی ئیمپراتوڕی عوسمانی واته سه ره تاکانی سه ده ی 19ی زایینی. هه رچه ند شیعری کوردی تاقیکاری مه زنی خۆی له سه ر کێش و پەنجەی خۆماڵی به زاراوه ی گۆرانی له شیعری شاعیرانی وه ک **بیسارانی** و **مەولەوی** به خۆیەوه بینیوه، به ڵام به هاتنی **ناڵی** شیعری کوردی که له ته واوی مه ڵبه نده کوردنشینەکان دا ڕه وت و ڕێبازی خۆی نیشان دا و له فوڕم و یاسای شیعری عه ره بی دا خۆی نواند، ده توانم بلێم ناڵی بوو یه که م جار که ڵکی له کێشی عه رووزی عه ره بی له شیعر دا وەرگرت. له و کیشه یه، بڕگه کان وەکوو یه کن و وه ک یه کیش دووپات دەبنه وه، ئه و بڕگانه به سێ سێ یا چوار چوار دابه ش ده کرێن.
له شاعیرانی درێژه ده ری ڕێبازی ناڵی له کوردستانی ئێران دا ده کرێ له **وه فایی** و **میسباحوددیوانی ئه ده ب** ناو به رین.
به هاتنی **سه یفولقوزات** بو مه یدانی شیعر، ئه ده بی کوردی له ئێران دا ڕێبازێکی نوێ وه دی هات که پاشان به ڕێبازی موکریان ناوی ده رکرد.
له رۆژهه ڵاتی کوردستاندا، ئه و شاعیرانه ی که دوای سه یف ڕێبازی ئه ویان گرته به ر، ده کرێ له سێ به ره دابه ش کرێن:
1- **خاڵه مین به رزه نجی، سه ید کامیل ئیمامی** و ... ئه م شاعیرانه هه ر چه ند وشەی ڕه سەنی کوردی له شیعریان دا دیاره، بەڵام بوونی شیعری شاعیرانێک به ر له خۆیان وه ک وه فایی و ئه ده ب به شیعریانه وه دیاره.
2- **هیمن، هه ژار، حه قیقی** و ... که شیعری سه یف یان گه یانده ئەوپەڕی ناسک خه یاڵی و جوانی و روانبێژی. هەروەها بارودۆخه کۆمەڵایەتییەکانی سه رده می خۆیان خسته ناو شیعره کانیانه وه. هەڵبەت دوای ئه وانیش شاعیرانیکی ڕێبازی کلاسیکی نوێ

له موکریان دا سەریان هه ڵدا، وه ک، **عه تری گڵۆڵانی (مه حه مه د نووری)**، **خالید حیسامی (هیدی)** و ...
دوای سه رکه وتنی شۆرشی ئیسلامی ئێران شاعیرانێکی تر له هێمن و هه ژار و حەقیقی پە یڕەویان کرد که ده توانین **سه ید قادر سه یاده ت**، **سه عید نه جاری (ئاسو)**، **ئه مین گردیگلانی** و ... ناو به رین.
3- شاعیرانی نوێ خواز وه ک، **سواره ئیلخانی زاده**، **فاتح شیخولئیسلامی (چاوه)** و **عومەر سوڵتانی(وەفا)** و ...
ئه م شاعیرانه شیعری کوردییان خسته قوناغیکی تره وه و شوڕشێکی گرینگیان له شیعری کوردی دا پێک هێنا. ئاشنا بوونی ئه م شاعیرانه لەگەڵ شیعری نوێی ئێران و پەیرەوی له باوکی شیعری نویی ئێران « **نیما یووشیج**» و باوکی شیعری نوێی کوردی «**مامۆستا گۆران**» بوونه پێشه نگی ئه م ئاڵ و گوڕه. شاعیر به ڕوانگه و تێبینی یەکی نوێ و له ده ڵا قه یه کی نوێوه ده ڕوانێته کۆمەڵ و مێژوو و فه رهه نگ و ئه ده بی کوردی.
به دوای تاقیکارییه کانی سه رکه و تووانه ی ئه م شاعیرانه به تایبه ت سواره که له شیعری «خه وه بردینه» و «شار» که له ئه م به رهه مه ش دا هاتووه. شاعیرانی بەرەی یه که می ئه م رێبازه به دوای سه رکه وتنی شۆڕشی ئیسلامی ده کرێ له که سانی وەک: **قاسم موئه ییدزاده(هه ڵۆ)**، **جه لال مه له کشا** و ... ناو به رین.
له تایبه تمه ندییه کانی شیعری ئه م شاعیرانه ئه وه یه که به ره به ره وازیان له کێشی نیمایی هیناو به ره و کێشی خۆماڵی کوردی که له لایه ن شاعیرانی وه ک گۆران، **شێرکۆ بێکه س** و **عه بدوڵڵا په شێوه** وه تاقیکرابوو، هاتن.
هه ڵبه ت دوایی ئه وانه ش ده توانین شاعیرانیکی تر که له گۆڤاره کوردییه کان و له ئه نجوومه نه ئه ده بییه کان دا ناویان ده رکرد وه ک، **ژیلا حوسینی** و **مارف ئاغایی** ناو به رین که به داخه وه له م پێشه کییه کورته دا ناگونجێ.

موحسین سوڵتانیان زاده

بۆکان

11ی ڕه شه مه ی 2709ی کوردی

زۆر سپاس و ماندوو نه بوونی ده که م له ماڵپه ڕی رازاوه ی روژهه لات/ بۆکان، که زۆریان زه حمه ت بو پیتچنی ئه م کتێبه کێشاوه، هیوای سه رکه وتن و تەمه ن دریژیان بو ده خوازم. هه روه ها ئه م بەرهەمه پێشکه ش ده که م به گیانی پاکی مامۆستای زمانی کوردی دوکتور حه سه ن سه لاح( سۆران)، رۆحی شاد بی ...

دڵ له حه سره ت غه مزه كه ی دو نه رگسی پڕ خه وته وه
وه ک خه می زولفت عه زیزم چوو به ڕوودا كه وته وه
مه نعی سووتانم ده كه ن ئه بله له شه وقی روومه تت
چۆن نه سووتێم تۆ به ئاگر، من به باری نه وته وه
مه سحه فی خۆش خه تی كوڵمه ت گه ر ببینێ شێخی مه
كافره گه ر بۆ سوێند یش بچته نێو مزگه وته وه
تیری په یكانی موژه ت پیرێكه كاری بوو له دڵ
دوێ شه وێ تا سوبح هه دادانی نه بوو نه سره وته وه
گه ر ده پرسی بۆ قسه ت وا شیرینه ئه ده ب
شه كه ر ئه فشانه له بم جانا له ماچی شه وته وه

میسباحوددیوانی ئه ده ب

**شێعری حافزی شیرازی لە دە ستی مامۆستا حە قیقی وە:**

پڕپڕە سینە م لە ژان ئە ی داخە کە م بۆ مە لحە مێ
دڵ لە تە نیایی وە گیان هاتووە خودایە هاو دە مێ
چاوی چاکە ی،کێ لە سووری چە رخی زوو تێپە ڕ هە یە
وە م حە سێنە و پیالە یێکم مە ی دە یە ساقی ژە مێ
هە ستە تاکوو دڵ بە وی تورکی سە مە رقە ندی بدە ین
وا لە سروە ی بۆنی جۆگە ی موولیانی دێ دە مێ
حاڵی دنیایە م لە پیتۆڵێکی پرسی و پێکە نی
پێی کوتم بڕوانە ئاخ و داخ و دە ردی عالە مێ
بۆ شە می شۆخی بە گوڵ سووتام لە نێوچاڵی سە بر
روحمی پێم دانایە شای تورکان لە کوێیە روستە مێ
راحە تی و خۆشی لە رێگای عیشق بازی دا بە لاَن
دڵ بلاَ بێشێ بە زامت گە ر بخوازی مە لحە مێ
میری نازنازی لە کووچە ی زیرە کان رێگە ی نیە
پێی دە وێ ڕیبواری دنیا دیوە نە خاوو بێ خە مێ
ئادە می لە عالە می خاکی پە یا نابێ، دە بێ
عالە مێکی دی دروست بکرێت وە لە نوێ ئادە مێ
نا یە نێ گریانی حافز هیچ لە لای بە حری ئە وین
چونکە حە و دە ریا لە لای ئە و نانوێنێ شە ونە مێ

**حە قیقی**

**دوو شێعر لە دیوانی مامۆستا ناڵی:**

گە ر بازی نە زە ر بازی، لە م دە ست و نیگارە ت چی!
بۆ یاریی و دە ست بازی، لە م ڕا و و دیارە ت چی!

گە ردن کە چی زولفی بووی، سا دڵ مە دە بە ر موژگان
وا خۆت لە تە ناف داوە، ئیتر لە قە نارە ت چی!

ئە و چاوە کە هە لدێنی، سە د عە ربە دە دە نوێنی
هە ر ڕوحە کە بستێنی، لە م غە مزە دوبارە ت چی!

گە نجینە یی نێو سینە، ڕە نگینە بە سە د کینە
ئە ی لە ککە یی ئایینە، یا ڕە ببی بە غارە ت چی!

موژدە ی قە دە می سە ر بو، دڵ هات و لە ڕێدا چوو
جان ماوە لە بۆ وە سلی، بدری بە بە شارە ت چی!؟

وا خوانی کە ناری من، بۆ نوقڵی دە م و ماچە
ئە ی لووتە خوری تە کیە، ساتۆ لە کە نارە ت چی!؟

بۆچ مایلی تە نهایی؟ سە و داییکە خۆرایی ...
ئە ی مە ردومی بینایی، لە م کولبە یی تارە ت چی؟

ناڵی خۆشە نە و میدی، دڵ بە ستە مە بە ئیدی ...
گە ر عاشقی تە جریدی، لە م یار و دیارە ت چی!

ئه ی سه روی بوڵه ند قه دد و، برۆ تاق و، مه مک جووت
کێ ده ستی ده گاته به ی و ناری نه گه یشتووت

ده م هه مده می غونچێکه نه پشکووتووه هێشتا
با که شفی نه کرد به رگی عه تر پۆشی گوڵی ڕووت

گریانی من و خه نده یی تۆ ئێستا ده شوبهێ
به و مه وسیمی بارانه که وا خونچه ده پشکووت

خڵخاڵی قه ده م، وه ک خه می زولفه ینی سه راپات
پشتانی قه دت بێت و، فیدای بازنی بازووت

خاڵی نیه ناڵی، دڵه که ت ساتێ له هیجران
تا تاری وجوودت نه پسێنێ مه له کول مووت

## چه ند به رهه می جوان و ره نگاوره نگ له مامۆستا هه ژار:

### چه ند جوانه؟

مانگ و رۆژ، گه لاوێژی گه ش    گڕی ئاگر به شه وی ره ش
بۆنی خۆش، گوڵی ره نگاو ڕه نگ    باریکی شێعر و خۆشی ده نگ
زه نگی سه رشوێن، فیکه ی شوان    خشپه ی ورده ماچ له جێ ژوان
تیشکی مانگ له ئاوی سمانی    سروه ی شنه بای به یانی
له دور قاسپه ی خاسه که وێ    نازی بوکی هه ول شه وێ
سپیایی سینه ، شیی خاڵ    سورایی کولم و لێوی ئاڵ
زه ردی گه ردن و ره شی مو    ته نگی ده م و گوشادی رو
سافی هه نیه راستی و که پۆ    چاڵی چه ن، که وانه ی ئه برۆ
مه ستی چاو، قولاپه ی بڕژانگ    سایه ی په رچه م له سه ر لاجانگ
خڕی مه م ، بڵندی باڵا    گاڵه ی تاقانه له ماڵا
زه ردی زه رده په ڕ له سه ر ئاو    پروشه ی باران له به ر تاو
خوڕه و چاوئه ندازی هه لدێر    بازی ئاسک ، ئاوازی بلوێر
که روێشکه ی گه نم به هاران    به فری هاوین له په ساران
دیمه نی کێوو نه خشی ده شت    هه ر لێره وه هه تا به هه شت
هه رچی خۆشن هه رچی جوانن    کوێڵه ی جوانی کوردستانن

که مرد له یلا خه به ریان دا به مه جنوون
ئیتر دونیا له به ر چاوی نه ما ڕوون
یه خه ی له ت کرد به ڕورِو وداد وهاوار
به شیوه ن ڕویی بۆ لای مه قبه ره ی یار
له گۆڕستان مناڵێکی به دی کرد
به چاوی سوره وه پرسی به وی کرد
کوتی له یلا له ناو کام گۆڕه مه دفوون

وتی ئێشتا له عیشقا کاڵی مه جنوون
له سه ر هه ر گوڕێ توزێ گڵ جیاکه
به یادی عیشقه وه بۆنی پیاکه
له هه ر خاکێ که بۆنی مه یلی لێ هات
وه سه رکه خاک و خۆڵ ئه وجێیه جێگات

شێعرێکه ساڵی 1323 (1944) له بۆکان نووسیومه و ساڵی 1324(1945) له «ئاله کۆک» دا چاپکراوه:

**لای لایی...**

رۆڵه: روناکی گلێنه ی چاوم
به ندی جه رگ و دڵ، هێزی هه ناوم
رێحانه ی بۆن خۆش سوره گوڵه که م
ئاو پڕ شکێنی کوڵی دڵه که م
چۆڵه مه ی ئه ستۆم، ره گی حه یاتم
هه نگوین و قه نم نوقڵ و نه باتم
خه وی خێرت بێ بنوه دره نگه
تا که ڵه بابی به یان بێ ده نگه
هه ی لای لایه رۆله لای لایه
ئه مشه و به زه ییت به من دانایه

ژیر به وه رۆڵه ی ژیر و جوانم
له داخی لانک ده گری، ده زانم
ده ڵێی بۆ حه پسم، بۆ ده سته به سته م؟
به و به ندو حه پسه من جه سته خه سته م؟
له نێو کورد نه بێ ده سرازه نی یه
ئه و به ند و قلْف و قه ڕازه چیه؟
کورم من بیرم له تۆ زیاتره
ده سرازه و لانک بت بێ چاتره

هه ی لای لایه رۆله لای لایه
گوێگره پێت بلێم له به ر چی وایه

ڕاسته تۆ نه وه ی شیری ژیانی
نه ته وه ی پاکی گه لی کوردانی
به ڵام چونکه کورد ئیمڕۆ بێکه سه
به شیان له دنیا کۆت و مه حبه سه
بۆیه ده تپێچم تا خۆی پێ بگری
نه ک تا من ماوم له به ندا بمری
بۆ چاره ڕه شیت نه ماوه تینم
هه ر پێم خۆش نیه مه رگت ببینم
هه ی لای لایه رۆله لای لایه
هه زار تێبینی دوا رۆژم لایه

بۆت به خت ده که م عومری درێژم
سه د تاڵ و سوێریت له سه ر ده چێژم
نه مامی باڵات به فرمێسکی چاو...
شه وو نیوه شه و لێی ده نێم شه واو
سه د چاک و بیرت بۆ ده خولێمه وه
له بن سێبه رت بحه سێمه وه
هه ر ڕه سیده بوی نه ته وێ زاڵم
ده ت برێ و به زه ی نایه به حاڵم
هه ی لای لایه رۆله لای لایه
ده ک خاکم به سه ر، ڕه نجم به بایه

په شێوپێت خۆشه یه خسیر نه مێنی؟
سه ر به ستیت پێ بڵێم بکه ویه شوێنی؟
قه ڵه م ده ست ده یه، ببه مه کته بی
وه خت و بێ وه خت له خوێندن نه بی
ئه و کاته ی له گه ڵ کاکت دو به دو
بکه ن هاواری هه قی له ده س چو
ده س ده نه ده س یه ک به ڕاو به ته گبیر

یه کتان به قه ڵه م، یه کو به شمشیر
هه ی لای لایه رۆله لای لایه
شیریش جه وهه ری له قه له مڕایه

یه ک نامه ڕه ش کا به داد و هاوار
یه ک زه وی سور کا له خوێنی به د کار
یه ک له قوڕ نیشێ: بڕوا بۆ تکا
یه کێ قوڕ به سه ر دوژمن دا بکا
ئه و په له قاژه ی ئێستا له کن من
ده که ی به ند لاده ی له ده ست و گه ردن
ئه و ته قه لایه ت بۆ دوا ڕوژ باشه
جوچک هوڵی ده بێ روحمه واشه
هه ی لای لایه رۆله لای لایه
ده س له ده س، ته وفیق له کن خودایه

ڕۆڵه نیشتمان چاوی له ڕێته
دایکمان هه ویای دواڕۆژی پێته
بۆیه هه ندامت وه ک مینای بێ گه رد
خاوێن را ده گرم به سه د ره نج و ده رد
چاکه ده یه وه، بۆ وه ته ن وه ک کوڕ
تۆش بی گه وزێنی له ناو خوێن وخوڕ
پێت بڵێم ڕۆله سه ر سودی چیه؟
بۆ پرده بازی ڕێی ئازادی یه
هه ی لای لایه رۆڵه لای لایه
نیشتمان بۆ تۆ ده سته و دوعایه

ڕۆڵه ناموست وه ک خزمه کانت
نه فروشی به پوڵ ده ستم دامانت
شه ره ف گه وهه ره قیمه تی نایه
ده ویت ڕوره شی هه ر تک دنیایه
ئه و که سه پیاوه بۆ خاک و ئاوی
ڕوح دانێ و به چاک بمێنی ناوی

نه ت  بیستوه  واته ی  زانای سه رزه مین
مردانه  مردن  نه ک  حیزانه  ژین
هه ی  لای لایه  رۆله  لای  لایه
بخوێنه، نه زان چی له ده س نایه

ساڵی 1324(1945) بۆ ساڵپێوم نووسیوه له بن هه ر مانگێکدا دوو به یت بنووسرێ:

## خاکه لێوه

کورده گیان، یاخوا جێژنت پیرۆز بێ
به هاری ژینت جێژنی نه ورۆز بێ
چه ند  دڵگوشایه   خاکه لێوه که ت
پیرۆزه  ڕه نگه   شاخ و کێوه که ت

## بانه مه ڕ (گوڵان)

مانگی   بانه مه ڕ له کورده واری
به هه شت  له دنیا خۆی داوه دیاری
که ژپوشێ له گول چادره ی سوورروزه رد
هاڕه ی هه لدێران ده رمانه بۆده رد

## جۆزه ردان

ڕه نجبه ر!با به س بێ سه یری گوێسوانان
له  ده ستی  تۆیه  چاوی   ئه عیانان
وا  جۆ  زه ردانه   و  کۆچی   به هاره
سه ره تای ڕه نجی مامی جووتیاره

## پووشپەڕ

یا خواهەرکەسێ کوردی خۆش نەوێ
وەک پووشی پووشپەڕبەڕوودا کەوێ
بەداسی مەردی پاڵەی کوردستان
بیدەن لە تایە بۆ ساردی زستان

## گەلاوێژ

گەلاوێژە کەی بەختت لە ئاسۆ
دەرکەوت،چابوو تۆنە بووی ڕەنجەرو
نرخی ئەم مانگە پارەی ژیانە
جێژنی سەر ساڵی کۆمەڵی ژیانە

## خەرمانان

وا ڕەنجی سالیت هاتۆتە بەرهەم
ڕۆژی ماو زۆرن، نەبی کەترە خەم
ئەمسال تۆ نەکەی بۆ ساڵی دوایی
مانگی خەرمانان دەکەی گەدایی

## ڕەزەبەر

ڕەزمان هاتەبەر،لەخەم بووین رزگار
ڕەزبەر بەخێر بێ بۆ کوردی هەژار
پڕ بوو لە میوە ئەم دەر و دەشتە
راستی کوردستان وێنەی بەهەشتە

## خەزەڵوەر (گەلا رێزان)

دوژمنمان بمرن بەدەرد و بەڵا
وەک بەخەزەڵوەر دەدەرژێ گەڵا

ئاوردوو داخە کوردە زستان دێ
بەفر بە ڕێوە بۆ کوردستان دێ

## سیخوار (سەرماوەز)

سیخوار خۆی نواند لە بەر پەساران
سەرما هات، دڕا بەرگی هەژاران
نانا، تۆ مانگی دڵخوشی و شادی
تێتدا هەڵکرا ئاڵای ئازادی

## بەفرانبار

وا بەفرانباری ڕوو گڕژ و تاڵە
کوردە گیان! وەختی خزانە ماڵە
هاوین پەیدا کە، ئەمرۆ ببپۆشە
پیاو بە ئیروو بێ، زستانیش خۆشە

## ڕێبەندان

ڕێبەندان! گەرچی ڕێگە بەندانی
گڵێنەی چاوی گەلی کوردانی
لە نێو مانگان دا جوان و ڕو سووری
لە تۆدا کرا جێژنی جومهووری

## ڕەشەمە

ڕەشەمە، نامەی بەهاری هێنا
کۆچی بەخیلی سەرمایە لێنا
ڕنووی ڕووخاندن تۆپخانەی شەماڵ
کوردە! دڵخوش بە نەما ژینی تاڵ

تووشی نه خۆشی سێل ببووم و له مردن بووم؛ ئه مانه بو كێلی قه بره كه م نووسیوه:
به غدا، 1948/10/15

**نامرادێک**

لاوه كان گه وره كچان نازاران
دڵبه ران دڵتڕه كان دڵداران
ده مه ڕۆن تاوێ بمێنن لێره
فاتحاییێكی بخوێنن خێره
له نێو ئه م گۆره هه ژار نێژراوه
زۆرله ڕێی ئێوه جه فای كێشاوه
ژینی خۆی كرده فدای خۆشی كورد
له ڕێی ئازادی به ناكامی مرد
توخودا كاتێ كه ئازادیوو سه ند
ڕه گه زی خوێنمژه كانوو هه لقه ند
كیژ و كور هه رچی به لاما لادا
پێم بلێ و پایێ به قه برم دا دا
ئه ی هه ژار! به سیه تی مردن هه سته
موژده بێ مه وته نه كه ت سه ربه سته

## غه زه ل

ئه رێ ئه ی کیژه کورده ی چاو که ژاڵه
ئه رێ ئه ی شوخ و شه نگه ی چارده ساڵه
ئه تۆخوت کورد و خوێنی لاوی کوردان
به تورکی چاوی مه ستت کرد حه واڵه
به خوێنی مه ی ده ده ی ئاوی مژولت
بژانگت بۆچی سه ر نێزه ی که ماڵه؟
ڕنووی سه ر«ئاگری»ن لاجانگ وکوڵمت
له خوێنی نۆ جوانا ندا شه ڵاڵه
بلێی ئێران و عاره ب بێ دڵی تۆ ؟
که لێی ته ئسیری ناکا ئاهو ناڵه !
مه گه ر چاڵی چه نه ت زیندانی قه سره
که رزگا ر بوونی ئێمه ی لێ مه حاڵه ؟
ته نافی زولفت ئاوێزانی باڵات
نه مانی هاو نه ژادانت خه یاڵه
روحت بردم به قه ندی لێوه کانت
ده زانی کورد به قه ند وێرانه ماڵه
قه بای عاشقیم زۆر موعته به ر بوو
چ قه وما چاوم ئه مری پێت به تاڵه
له ئاهو ئه شکی بیچاران بترسه
وه ئه ستۆ مه گره چیدی ئه و وه باڵه
مه گه ر ترست نیه ده ستی زه مانه
وه ڕێت بێنێته وه ئه م ژینه تاڵه ؟
کوری شیران و زۆر زان بووم،له ده س تۆ
هه ژارێکم زه مانه له نگ ڵاڵه

## سه یرێکی جوانی بکه ین

مانگه هه ر چه ند  به له زی ئه یزانم
لێمگه ڕێ تۆزێ  تریش  بڕوانم
سه ر بکێشم  به  بڕێک  ماڵاندا
چاو  بگێرم  به  خه ت و خاڵاندا
کیژه  بۆکانی  خواڵووی  نازن
پاوپووز ڕووتن و پێسیر وازن
زه رده مه م دیاره که خاوه ن خه وتوون
بۆ پشوودان له کراس ده رکه وتوون
پرچی ئاڵوز که له سه ر له شیانه
شه وه زه نگ داگری ئاوی ژیانه
مانگ ئه گه ر تیشکی بدا ڕێنوێنه
شنه با بسک و که زی بزوێنه
هه ڵه تا چاوی خه والوو مه ستن
تا جه زایه رچی به یان بێ هه ستن
دڵه خۆ تێرکه له سه یری جوانی
ڕێت هه یه چه ند به خه یاڵ بروانی

## بۆ کارتی جێژنه پیرۆزه

کورده پیرۆز بێ جه ژنی نه ورۆزت
نه به زی له رێی سه ربه رزی هۆزت
ده ستی داگیرکه ر له خاکت ببڕه
ئازایی بێنه و ئازادی بکڕه

سێ پارچە شێعر لە مامۆستا هێمن:

## ڕۆژگاری سپڵە

نیمه ئاواڵێ لە گوشە ی بێ کە سی دا غە م نە بێ
چاکە ئە و لێرە ش وە فای هە ر ماوە سایە ی کە م نە بێ
لاپە ڕە ی ژینم هە موو هە ڵدە یتە وە تە یدا نیە
باسی فرمێسک و هە ناسە و شیوە ن و ماتم نە بێ
ڕۆژگاری سپڵە بۆ من بۆسە یە کی نایە وە
نە م دی هە ر تیرێکی دە یهاوێ بە رە و سینە م نە بێ
ڕە نجی دووری دوڵبە رم بۆ کوشتنی من کافیە
گە ر لە دنیادا ئە من هیچ مە ینە تی دیکە م نە بێ
کوا دە زانێ چە ند پە رێشان و پە شێوە حاڵی من؟
ئە و کە سە ی گێرودە یی ئە گریجە و پە رچە م نە بێ
ڕە مزی دڵداری لە زینێ فێر نە بوو یارم دە نا
کوا ئە وینداری وە فاداری وە کو من، مە م نە بێ؟
کیژی شاریمان لە خۆی وە رگرتووە چارشێوی رە ش
داخە کە م نە م دی لە وێ مانگێکی دە ورە ی تە م نە بێ
شادی جارێکی بە میوانی نە هاتوتە دڵم
ڕە نگە خە ڵوە ت خانە یی خە م شوێنی نا مە حرە م نە بێ
خۆم ئە سووتێنم هە تا بە زمی خە ڵک روشن بکە م
کێ لە ڕێ ی خە ڵکا وە کوو شاعێردە سووتێ شە م نە بێ

**موو ناپسێنم ...**

ئه‌من ده‌مکوت له‌ دنیا تا بمێنم
له‌ به‌ر که‌س ئه‌سته‌مه‌ سه‌ر دانه‌وێنم
که‌ چی ئێستا له‌ تاوی به‌سکی تۆ دا
گرفتارم گوڵم موو ناپسێنم

ژیانم پڕ له‌ ڕه‌نجه‌ و نامورادی
به‌ هه‌لکه‌وتیش نه‌ هاتم تووشی شادی
دڵم هێن ته‌نگه‌ هه‌رجێی تۆ ده‌بێ و به‌س
ئه‌ تۆش مه‌حکوومی حه‌بسی ئینفێرادی

قه‌راربوو بێی و له‌گه‌ڵ خۆت شادی بێنی
نه‌هاتی گه‌ر چی پێت دابووم بڵێنی
له‌ ناوکورد دا نه‌بوو په‌یمان شکاندن
له‌کوێ فێر بووی گوڵم په‌یمان شکێنی؟

ئه‌گه‌ر چی رۆیی قه‌ت ناچی له‌ یادم
ده‌که‌م یادت به‌ یادی تۆوه‌ شادم
که‌ بارگه‌ت بۆ هه‌وار تێک نا عه‌زیزم
شکا ئه‌ستوونده‌کی تاوڵی مورادم

شه‌وانه‌ هاو نشینی جامی باده‌م
به‌ باده، به‌ په‌ژاره‌ و خه‌م باده‌م
که‌ ده‌ستی روزگار بای دا سه‌ری من
سه‌ری شووشه‌ی شه‌راب وا چاکه‌ باده‌م

**بارگه ی یاران**

دێت و ڕاده برێ وه کوو سه روی ره وان من چبکه م؟
که به قوربانی نه که م ڕووحی ره وان من چبکه م؟
قه دی ئه م شوخه وه کوو دۆخ و خه ده نگه ئه فسووس
پشته که م کۆمه، وه کوو ماڵی که وان من چبکه م؟
تازه هه نگاوی شلم کوانه ده بێ بۆ شه و راو
جوانه زۆر جوانه به ڵێ ڕه وتی که وان من چبکه م؟
زه بری ئاوزه نگی براو شل بووه ده ستی جله وم
دێ ده نا پڕمه یی بۆر و بده وان من چبکه م؟
ژوانی خۆشی هه ره تی لا وه تی دێته خه ونم
کاتێ ئاویلکه ده گه ڵ زێنده خه وان من چبکه م؟
شه و هه تا ڕۆژێ له به ر ئێشی له شم ناڵه م دێ
دێته گوێم ده نگی «گه لو»و«نیوه شه و»ان من چبکه م؟
بارگه یان تێکه وه پێچا و به ڕێ بوون یاران
له ده نێ وا به ته نێ پاشی ئه وان من چبکه م؟
ژیانی من ئێسته وه کووخوری ده می زه رده په ڕه
پێم نه ما تین و گوڕ و هێز و ته وان من چبکه م؟
سروه هات خونچه گوڵی باخی ئه ده ب پشکووتن
باخه وانی گه ڕه که تازه جوان من چبکه م؟
ئاو نه بوو ئه و ده مێ هیمن مه له وانی کورد بوو
ئاو شوکر زۆره وه رن زوو مه له وان من چبکه م؟

سێ پارچه شێعر له شاعێری چه وساوه کانی کوردستان ( مامۆستا قانع):

**چونیه تی زه مانه**

بێ حه یایی باوه ئه مڕۆ ، قوڕ به سه ر دا کا حه یا
که نده ڵان سه ر به رز و شاده ، خۆی بشارێتۆ چیا
گوڵ ئه گه ر عه قڵی ببێ، قه ت سه ر له خاک ناکاته ده ر
چونکه ڕۆژی دڕک و داڵه و گه رمی بازاری گیا
با ، له هه ورا سه رنیگون بن مانگ یا ڕۆژی جوان
شه مشه مه کوێره ئه لێ : من نامه وێ شۆعڵه ی چیا
ئه ی فه له ک! ڕاستۆنه بی بۆ ڕێک و پێکی ده وره که ت
گورگ ئه بێته شوانی ڕان و دز ئه بێته ئه ولیا
نیره گا جوتێ ئه به یته ریزی لوقمانی حه کیم
فه یله سۆوفێکیش ئه خه یته ژێر چه پوکی ئه شقیا
تۆ له میروله ی زه عیف ئیشی سوله یمانی ئه که ی
خاته می موری نگینت کرده ده ست دێوی هه یا

**من ویار**

ئه لا ئه ی مه ستی عاشق کوژ، مه که مه نعی دڵی زارم
ڕه قیبی به خت به ر گه شته ، هه میشه وا له پێوارم
منم مه حبووسی زنجیرت وه کوو یوسف له میسری عیشق
له به ر غه مزه ی که مان ئه برو، وه کوو ئه ییوبی بیمارم
که دیم گوڵزاری گونای ئه و ، وتم به به چ باخێکه!
وه کوو بولبول له سه ر گوڵ دا، وه ها زار و بریندارم
به گۆشه ی چاوی مه خمورت، شکا قفڵی قه راری من

ته واو ده رچوو له ده ست عه قلم، كه وێلی ده شت و كۆسارم
به حه مديللا كه خوێنی دڵ، ره نگی دا ناخوونی دولبه ر
ئه لێن په نجه ی حه نا ره نگه، نه زه ركه، جه رگی بيمارم
به ئيستيهزا وتی مه حبووبی من ياری غه زه ل بازه
ڕه قيب ساده ی بنالێنه ، له به ر لێشوای عه شعارم
له ته بعی سست و فكری كوڵ، ئه بێت چۆن شيعرێ خۆش ده ربێ؟
له ، قانع قه ت نه ده ی ته عنه ، بزانه كۆنه عه ييارم

**له به نديخانه دا**

ئاخرين ماڵی ژيانم كونجی به نديخانه يه
ئه م كه له پچه مه رهه مى زامی دڵی دێوانه يه
زۆر ده مێكه چاوڕوانی زڕزڕه ی زه نجير ئه كه م
سه يری ئه م زنجيره كه ن وه ك زێوه ری شاهانه يه
بووكی ئازاديم ده وێ خوێنم خه‌نه‌س بۆ ده ست و پێی
حه ڵقه حه ڵقه ی پێوه نم بۆ پلپله و له رزانه يه
گه رچی دوژمن وا ئه زانێ من به ديلێ لاڵ ئه بم
باش بزانێ كونجی زيندانم قوتابيخانه يه
بيری ئازاديم له زيندانا فراوانتر ئه بێ
قوڕ به سه ر ئه و دوژمنه هيوای به به نديخانه يه
گرتن و لێدان و كوشتن عاميلی ئازادييه
تۆپ و شه ستير و كه له پچه لام وه كوو ئه فسانه يه
چاوه ڕوانی شورشێكم عاله مێ رزگار بكا
ميلله تم بۆ ئه و مه به سته كرده وه ی شێرانه يه

چه‌کی شورشگێری من نووسین و بیر و باوه‌ڕه
ڕاپه‌ڕینه ، هه‌ڵمه‌ته ، پڕ نه‌عره‌ته‌ی کوردانه‌یه
گه‌ر به ئازادی نه‌ژیم مردن خه‌لاته بۆ له‌شم
نۆکری و سه‌ر دانه‌واندن کاری نامه‌ردانه‌یه
قانعم ئه‌مرۆ له زیندانا به ئازادی ئه‌ژیم
سه‌د هه‌زار له‌حنه‌ت له‌وه‌ی وا نۆکه‌ری بێگانه‌یه

دوو به رهه م له شێعری خالیدی حیسامی (مامۆستا هێدی) چاپکراو له کتێبی کاروانی خه یال:

**نه ورۆز**

جێژنی کۆن و ساڵی تازه ی کورده واری هاته وه
هاته وه ئاگری خه باتی ئه و گه له خۆش کاته وه
هاته وه جوانتر له جاران جێژنی کاوه ی قاره مان
شوێنه واری میدیا باپیره گه وره ی کورده کان
هاته وه بگرێته باوه ش کورده واری سه ر له به ر
هاته وه نه ورۆز و بۆ زستانه ئیتر چاره سه ر
جێژنی نه ورۆزه وه ته ن وا کاتی پیروز بایی یه
جێژنی لاو و کیژو کاڵی تۆیه ڕۆژی شاییه
هه ر هه ڵاڵه ی زه رده بۆنی دێ له رێگه ی دووره وه
هه ر چلوکی داره زه رده ی دێ به خونچه ی سوره وه
چه پڵه رێزانی له زستان و قه لی ڕوو ره ش ده کا
ئه و گوڵاڵه ئاڵ و سوره بولبولی سه رخۆش ده کا
تا شنه ی هێدی به یان هات و هه ناسه ی کرده وه
به فری لاپاڵ و تروپکی شاخه کانی برده وه
زێوی ئاونگ بۆته ملوانکه ی ملی گیابه ندو خاو
هه ر تروسکه ی دێ و ده له رزێ بای له سه ر بێ یا هه تاو
به رگی زستانی له به ر خۆی دارنی ئه وڕۆ زه وی
نزم و به رز و شیوو دۆڵ و ڕژد و هه وراز و نه وی
تا له نه ورۆز دا خه لاتی ساڵی تازه وه رگرێ
ژه نگی داماوی و هه ژاری و مه ینه تی خۆی لابه رێ
په رچه می شۆرش خه ڵاتی ئێمه یه هێناوی یه
په رچه مێک بۆ ناحه زی ئه و خاکه چقڵی چاوی یه

په رچه مێک تا تۆ بڵێ ی ره نگین و به رز و ڕێک و پێک
په رچه مێکی وا که قوربانی نه بێ شه رمه گه لێک
چه رم و داری کا وه یه ده ستی سروشت گێڕاوی یه
به یره قی پاراستنی ئه و خاکه یه هه ر ماوی یه
ڕه نگی سووری بیره وه ری یه بۆ شه هیدانی وه ته ن
چاوی هیوایان له هاوڕێ یانه تانه ی لێ ده ده ن
هه وڵ و تێکوشانی ڕابردوو وه بیر دێنێته وه
"خوێنی شێخ مه حمووده" له و سه ر داره ده زرۆقێته وه
من به ڵێنت پێ ده ده م ئه ورۆ له ده نگی کورده وه
ئه و کوره ی زنجیری یه خسیری له ئه ستۆ کرده وه
کومه ڵه پێش مه رگه که ی دلسوزی تۆ ڵه ستێنی تۆ
جێژنه پیرۆزه ی له سه نگه ر دا ده که ن بۆ خوێنی تۆ
دڵ که ڕۆژ و شه و ده سوتێ ئاگری تۆی تێ به ربووه
بۆیه پیاوانه له گه ڵتا مه رجی خوێنی به ستووه
باسی خوێنی پاکی تۆیه و شۆرشی رزگاریه
یان به سه ربه ستی ژیان ، یا مردنی یه کجاریه
گه ر تۆ ئه ورۆ نی له نێومانا کوڕی دڵسوزی تۆ
هه لگرێ ئالای خه بات و شۆرشی پیرۆزی تۆ
قاره مانی کوردی ئازا ماوه کاوه ی بارزان
ئه و کوڕه کورده ی بناغه ی دوژمنی تۆی هه لوه شان
دڵنیابه جێژنه پیرۆزه ی دوای نه ورۆزی من
جێژنی ئازادی گه له و سه رکه وتنی پیرۆزی من

له ئاهه نگی جێژنی نه ورۆز له گه ڵاڵه خوێندرایه وه.
1966/3/21 ز
مانگی خاکه لێوه ی 1345 ی هه تاوی

**هه ناسه**

هه ڵات تاو و له تاو ڕوی تۆ کشاوه
ئیتر هه ر هه ڵدێ ڕۆژی و نایه واوه
خه یالی من ته مای چی بوو به زولفت
که تێک هاڵا له گه ڵ ئه و داوه خاوه
گزینگی ڕووت هه موو جێ ی گرت عه زیزم
له من بۆ سیله چاوێکت وه چاوه
به بسک و خاڵه وه تۆ چت ده وێ لێم
که ئه و داوه ت له سه ر ئه و دانه ناوه
دلێکم بوو ئه ویشت بردوو ئێسته
هه ناسه ی سارد نه بێ چم پێ نه ماوه
به تیراوی ده لێ ی به ژنی نه مامت
له سه ر روباری چاوی من ڕواوه
چلون ئالوز نه بێ بیرم که موی تۆ
ده بینم وا له ڕووت په خش و بلاوه
شه وێ بۆ سه یری به ی بانگم که چونکه
به رۆکی تۆ به ڕۆژ هه ر داخراوه
ئه وه جارێک ئه تۆ بگری هه ناسه م
که وا خونچه ی ده می تۆی پێ کراوه
له هه نیه و که زیه کانت ڕاده مێنم
سه رم سورماوه من له و هه ورو ساوه
ئه گه ر سه د هێنده "هێدی" لومه بکرێ
ئه ڤینی تۆ گوڵم نانێته لاوه

بۆکان، مانگی 1987/9 ز 66/6/10 هه تاوی

پیره ڕاوچیم و چیایه چیمه نی هه ڵدانه وه م
با و بۆران بای نه داوم دوشمنی بادانه وه م
تا بمێنی ملّچه ملّچی تلّته خۆری خۆ نه ناس
هه ر ده بێ ته رت و چیا بێ جێ خه و و جێ سانه وه م
عیشقی ئازادی وه ته ن بۆته هه وینی بیروڕام
به که می ژین ناڕه وایه زیلله ت و پارانه وه م
هه ڵدێراوی ته رت و تووشی سه ر به خۆییم خوشتره
نه ک وه کوو گۆ بم به شه ق بێ هه لخول و سووڕانه وه م
بۆ ته لان و زه رد و به ردی خاکی کوردم دێته وه
سێبه ری هه ور و هه تاوی سه رده می بووژانه وه م

راوچی- کوردستانی عێراق،1341

**دوو شێعر لە دیوانی مامۆستا وە فایی:**

نیگارا ئە ی بە غە مزە ئافە تی دڵ چاوی بیمارت
ئە مان سە ر تا قە دە م سووتام لە دووری نووری دیدارت
دە سا ڕوحمێ وە فادارم بە حاڵی داد و هاوارم
کە وە ک بولبول دڵی زارم دە ناڵێ بۆ گوڵی زارت
سە رم ناوێ ئە گە ر نە یخە م بە حە ڵقە ی پە رچە م و چاوت
دڵم ناوێ ئە گە ر نە یکە م بە فیدیە ی چاوی عە ییارت
ئە سیری زولفی خامی تۆم ، شە هیدی ڕە مزی چاوی تۆ
ئە من گێراوی داوی تۆم ، بە صە د جێ دڵ بریندارت
شە هیدی نازی تۆم و داغداری باغە بان ئە ی گوڵ
لە دوری تۆ بناڵم ؟ یا لە سە ر بێدادی ئە غیارت؟
ئە من نە مدیوە هێندوو باغە بانی باغی جە ننە ت بێ
بە شیرینی چ دڵکێشە ؟ بنازم ! خاڵی روخسارت
لە لایێ شە ککە ر ستانە ، لە لایێ ئابی حە یوانە
ئە گە ر گوڵ بێ ئە گە رغونچە لە ب و زاری شە ککە ربارت
وە فایی ، دوور لە وە صڵی تۆوە ، پا بە ندی طە لیسمێکە
لە سە ر گە نجی جە ماڵت کە وتە داوی زولفی ڕە شمارت

گوڵە ندام ئە ی طە نافی گە ردە نم زولفی پە رێشانت
عیلاجێ! چارە یێ! ڕوحمێ! ئە مان دە ستم بە دامانت
غە ریبی تۆم، نە خوشی تۆم، بە گوشە ی چاوی بیمارت
ئە سیری تۆم، شە هیدی تۆم، بە نووکی تیری موژگانت
ئیشارە ت ئافە تی ڕووحم ، کە لامت غارە تی دینم

ته به سسوم سیحری لێوانت، ته که للوم ڕه مزی چاوانت
مه گه ر سه ر تا قه ده م زولفت وه کوو من خاو و شێوا بێ
که سه ر گه ردانی سه ودایه له سه ر چاکی گریبانت
ده ڵێی شه ککه ر فروشی شاری میصره وا به شیرینی
بنازم ! خاڵی وه ک هێندوو له گوشه ی لێوی خه ندانت
ئه گه ر دڵ بوو ئه گه ر دین دامه سورمه ی چاوه کان، ئیدی
به سم سه ودازه ده و ریسوا که توبی و دین و ئیمانت!
طه لیسمی بابله سیحری حه لاله ره نگی ره یحانه
شکه نج و به نده، یا خۆ جێ دڵانه زولفی سه ر شانت؟
به ئازادی له کن خوی شه هره یه من مات و حه یرانم
گوڵ و نارنجی به ر هێنایه خۆ سه روی خه رامانت
له به ر چاوت بگریه م، یا له ده ست تۆ داد و هاوار که م؟
له به ر نه یره نگی مه ستان، یا له سیحری ره نگی ده ستانت
دڵم سه ودازه ده ی باڵاته خۆم دڵداره یی ئه بروت
به باڵا دڵ باڵا گیرت ، به ئه برۆ خۆم به قوربانت
له دادی من بپرسه جارێ ئه ی سولطانی عیشوه و ناز
به ناحه ق بۆچی بمکوژێ ئیشاره ی چاوی فه تتانت؟
وه فایی، که وته حه ڵقه ی زولفت، ئیدی مه یده به ر موژگان
که من کوشته ی طه نافت بووم چ لازمه تیره بارانت

دوو شێعر لە دیوانی مامۆستا ئاوات:

## شاری دڵ

من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە دەچم
عەقڵ ئەڵێ نا قەسەبەی شۆرشی مەستانە نەچی
من دەڵێم نوختەیی ئەو رەزەیی ریزوانە دەچم
ئەو دەڵێ نا رەشە جێ راوگەیی شەیتانە نەچی
من دەڵێم مەسکەن و ئارامگەیی جانانە دەچم
ئەو دەڵێ سەربەسەری تێکچووە وێرانە نەچی
من دەڵێم جێگەیی هەر شێت و جنونانە دەچم
ئەو دەڵێ، نا زەدەیی پەنجەیی پەریانە نەچی
من دەڵێم مەرکەزی ئەسراری حەریفانە دەچم
ئە و دەڵێ جێ تەمەعی چاوی حەسودانە نەچی
من دەڵێم وەختی خەتەر مەئمەن و قەڵغانە دەچم
ئەو دەڵێ کونکونە جێگەی سەرە پەیکانە نەچی

لەم هەمو چون و نەچونە سەری سوڕما کامیل

من دەڵێم جوانە بچم، ئەو دەڵێ واجوانە نەچی

## شه و

نووری رۆخسارت وەدەرخە دەردی بێ دەرمانە شەو

زوڵمەتی زولفت لە سەر رووتە لە رۆژ میوانە شەو

دوێ شوکور مەردانە من ڕێم بردە ناو زولفی ڕەشی

تا بزانن خەڵکی موڵکی دڵ: قەڵای مێردانە شەو

هەر لە مەغریب تا بەیانی بێ وچان دێت و دەچێ

هەرلە دووی خورشیدی خاوەر وێڵ و سەرگەردانە شەو

کوێر و نابینایە ئێستا ئەو لە داخی رۆژی ڕووت

بۆیە ڕەش پۆش و فەقیر و مات و بەستەزمانە شەو

قەدری شەو  چابگرە  چاوم،  شەمع و پەروانە دەڵێن

سۆزوگریەی شەمع هەر شەو، سووتنی پەروانە شەو

عاشق و مەعشوق لە  ڕۆژ دا خۆدەپارێزن لە خەڵک

گە ر پەنای چاکت دەویَ  بۆ  ئەو دوو؟ بڕوانە شەو

هەستە   کامیل   بەسیە  بێداری  بڕۆلێی   وەرکەوە

تا وڵات  بیَ دەنگ و باسە وتا  لە ڕۆژ میوانە  شەو

# په روانه

دڵا تا که ی خول و ریسوات ببینم
هه مووی هه ر شێت و هه ر شه یدات ببینم
له ده وری شه معی رووی ئه و دڵستانه
وه کوو په روانه بێ په روات ببینم
هه موو ئاوات و ئومێدم ئه تو بووی
ئه من قه ت نه مده ویست ئاوات ببینم
نه دڵ گه رمی نه چاو سۆمایی ماوه
به دڵ گه رمی هه تا سیمات ببینم
گوڵم هه ر شین و واوه یلامه بو تو
هه تا که ی شین و واوه یلات ببینم
گوڵم من تۆم ده وێ ئازاد و سه ربه ست
شنه ی له رزانه وه ی باڵات ببینم
سه رم سه ودائی یه ئه وڕۆکه سه یید
چ خۆشه گه ر سه ری سه ودات ببینم

سه یید عه بدولقادر سه یاده ت

که‌سێ نیه‌ وه‌ک من به‌ عاشقی ئه‌و گرفتارێ
سه‌ر و ماڵم له‌ ڕێی دانا که‌چی لوتفی نه‌بوو جارێ
په‌ژار و ده‌ربه‌ده‌ر ڕۆژێ له‌کوچه‌و پشت بنی شارێ
ئه‌مان مردم عه‌لاجێ تا له‌ ڕێی په‌یغه‌مبرا چارێ
ویسالی یا قه‌تڵه‌ یا ته‌سکین له‌ هه‌ر سێ بۆم بکه‌ن کارێ

برا که‌وتوومه‌ به‌ر لیسی زه‌مانه‌و چه‌رخی به‌د که‌رده‌ی
دریغا دوستان ڕۆژێ نه‌بوو بۆ خۆم بلێم ئوخه‌ی
عیلاجی ده‌ردی من نابێ به‌ عوود و ڕوود و جامی مه‌ی
وه‌ها سووتاوم و مه‌سڵا تابی فه‌ریادم نه‌ما ساده‌ی
ره‌فیقان نیوه‌ سووتن ئێوه‌ نامرد عه‌رزه‌ هاوارێ

له‌ کۆری عه‌شق و دڵداری هه‌تا زوو ده‌ربچم چاکه‌
هه‌موو ڕه‌نجم به‌ فێرو چوو له‌گه‌ڵ ئه‌و شۆخه‌ بێ باکه‌
ڕه‌زیل و سووک و رسوا بووم وه‌ره‌ حاڵم ته‌ماشاکه‌
له‌ ژێر باری غه‌ما وا شانی سبرم ڕێشه‌ ئێستاکه‌
فیراقی یار له‌ به‌ر ئاخر شه‌ڕی لێم بۆته‌ سه‌ر بارێ

خوایه‌، بۆچ له‌ دنیا دا به‌شی من شین و گریان بێت
عه‌ده‌م له‌م ژینه‌ خوشتر بوو عه‌ریزه‌م خۆ نه‌دابوو پێت
هه‌میشه‌ وێڵ و سه‌رگه‌ردان به‌ سه‌ودای عه‌شقه‌وه‌ وه‌ک شێت
سه‌با یارانی مه‌جلیس گه‌ر هه‌واڵی من ئه‌پرسن لێت
بڵێ کێشایه‌ مه‌یخانه‌ دوو چاوی بێچ و عه‌ییارێ

توفوو له و ده هره پڕ قه هره و له خۆشی سه روه ت و بوونی
ئه گه ر دانابی بۆت نایه ، ته ریکی ، سه رکزی ، تloونی
له داخی ده وری ناهه موار و پیشه و کرده وه ی دوونی
له کونجی سینه ده نگی ئای و ئوی دڵ دێ به مه حزوونی
وێران بێ نه مدی لێی نیه ناڵه ی برینداریٚ

گه لێ که س پێم ئه لێن شێتی که وا خۆت مه حوو و به رپا کرد
له ڕێی ئه م خاکه دا فه وتایی و سه د له ککه ت که په یدا کرد
چ سوودیکی هه بوو بۆ تۆ ئه وه نده ت جه نگ و ده عوا کرد
له لای هه ر که س ئه چم مه نعم ئه کا خۆت بۆچی ڕسوا کرد
دریغ بۆ حاڵ زانێ ، ڕه ببی تووشم بێنی بیمارێ

سه فا دووره له ئینسانی زره نگ و عاشق و شاعێر
به شی هه ر ده رد و زووخاوه، ده روونی گه رمه وه ک ئاگر
چ دڵ سه ختێکه تووشی بووم نه جاتم ده ی خودای قادر
له نه زعا پێی ئه ڵێم قوربان جه فا به سیه، ئه ڵێ کافر
ئه رێ چیت دیگه تۆ سه گ مه رگی کارم ماگه پێت جارێ

هه زاران ره حمه تت لێ بێ له شێعرا چه ند ته ڕ و وردی
جه نابی موسته فا به گ تۆ نه مردووی کێ ده ڵێ مردی
جووابی وایه بێ که س ئه ر بڵێن ته قدیری بۆچ کردی
دوڕڕ و یاقوت ئه بارێ له م که لامه شیرینه ت کوردی
خوا سا کوا له دونیا دا قه درزان و خه ریدارێ

**مسته فا به گ**

پێم ئه لێن فه رمووته شێتم هه ی به قوربان ئه و ده مه
باسی شێتیم تا قیامه ت گه ر بکه ی هێشتا که مه

نه ک ئه تۆ عالمه م بزانن شێت و سه رگه ردانتم
شێته گیان عاشق چ باکێکی له لومه ی عالمه

یان ئه وه ی بیستوومه هه ر حاشا له ناسینم ده که ی
ئه م که لامه ت درۆ ته زێنه ئه و پڕی ده رد و خه مه

ئه ر ئیشاره ی چاوه کانت هیوای نه خستبایه دڕ
چون له کۆلی خۆم ده نا ئه م کێوه ئیش و ماته مه

وا مه فه رموو چاوه کانم که س نیه ئاگای نه بێ
قابزی ڕووحی په پووله نووری له رزانی شه مه

عه بباس که مه ندی

گرفتارم  به نازی چاوه کانی مه ستی  فه تتانت
بریندارم به تیری  سینه سۆزی نیشی  موژگانت
به تاڵی په رچه می  ئه گریجه کانت غاره تت کردم
دڵێکم بوو ئه ویچت خسته ناو چاهی زنه خدانت
به قوربان، عاشقان ئه مڕۆ هه موو  هاتوونه پابۆست
منیش  هاتم بفه رموو  بمکوژن بمکه ن به قوربانت
ته شه ککور وا چیه بۆ من ئه گه ر بمرم به زه خمی تۆ
به شه رتێ کفنه که م بدرووی  به  تای زولفی په رێشانت
له کوشتن  گه ردنت ئازاد ده که م خۆت  بیته سه ر قه برم
که ڕۆژی جومعه بمنێژی  له لای نه عشی شه هیدانت
که سێ تۆ کوشتبێتت ڕۆژی حه شر  زه عه تی  ناده ن
ئه گه ر وه ک من له ئه م دونیایه سووتاو بێ له هیجرانت
هه میشه سوجده گاهم خاکی  به ر  ده رگانه که ی تۆیه
ڕه قیب  ڕوو ڕه ش بێ چوون ناڵێ بگا ده ستم به دامانت
دڵم مه شکێنه چونکوو مه خزه نی خه م و ده ردی تۆیه
فه د ای شه رت و وه فات بم چون به سه ر هات مه یلی جارانت
ئه تۆ ئه مڕۆ له موڵکی دڵبه ریدا  نادره ی  ده هری
به  ڕه سمی به نده گی مه ستووره  هاتۆته دیوانت

**مه ستووره ئه رده ڵان**

## دایک:

دایکی دڵسۆز ، جێگەی ڕێزم

مایەی ژینم ، هێز و پێزم

لەبیرم دێ ، بە منداڵی

بە ساوایی و کرچی و کاڵی

شیرت دامێ ، شیرێکی پاک

گەورەت کردم ،بە بیری پاک

شەونخوونی و دەردی سەری

هەتا بەیان ، بە خەبەری

قارەمانی شەو بێداری

چرای ڕووناکی ڕزگاری

لە سبەینێ تا ئێوارە

پات پێ گرتم ،دارە ،دارە

پەرستاری نەخۆشیم بوی

جێی ئاوات و دڵخۆشیم بوی

پەری جوانی ، خۆشەویستم

بە گیان و دڵ ئەتپەرەستم

رات ئەژاندم تا بەیانی

فریشتە بوی ، نەم ئەزانی

قارەمانی شەو بێداری

چرای رووناکی رزگاری

فێرت کردم ، دایە و باوە

پێت ناساندم ، ئەوەی باوە

پاراستمت لە مەترسی

ناتە مێشکم ، گەلپەرەستی

چەند گێڕامت بە پشت و کۆڵ

ناتمە باوەش بێ بۆڵەبۆڵ

بەهەشتم بو، داوێنی تۆ

هەستی بەرز و خاوێنی تۆ

قارەمانی     شەو    بێداری

چرای   ڕووناکی     ڕزگاری

**س. سوران**

دوو به رهه م له مامۆستا عه بدوڵڵا گۆران:

## ئافره ت و جوانی

به ئاسمانه وه ئه ستێره م دیوه،
له باخچه ی به هار گوڵم چنیوه،
شه ونمی دره خت له رووم پژاوه،
له زه رده ی زۆر که ل سه رنجم داوه،
په لکه زێرینه ی پاش بارانی زۆر،
چه ماوه ته وه به رامبه ر به خۆر،
هه تاوی نه وروز ، مانگی جۆ دره و،
زۆر هاتوون و چوون به رۆژ و به شه و،
خوڕه ی قه ڵبه زی که فزوینی چه م،
له هه زار چه شنه پرشنگی ناو ته م،
میوه ی گه یشتووی زه رد و سووری باخ،
جریوه و جووکه ی دارستانی شاخ،
له گه رووی شمشاڵ، له ته لی که مان،
گه لێ هه ڵساوه ئاوازی جوان جوان،
ئه مانه هه موو جوانن ، شیرینن ،
رۆشنگه ره وه ی شه قامی ژینن!
بەڵام ته بیعه ت هه رگیزا و هه رگیز،
بێ رووناکیه بێ بزه ی ئازیز؛
بێ ئاوازه یه ده نگه نه رمه که ی
با نه یدا له گویم، تێر نه لێم ئوخه ی!
کام ئه ستیره ی گه ش، کام گوڵی کێوی،
ئاله وه ک کولمی؟ گوی مه مکی؟ لێوی؟
کام ره شی ئه گا به ره شی چاوی؟

برژانگی؟  برۆی؟  ئه گریجه ی  خاوی؟
کام به رزی جوانه وه ک به رزیی باڵای؟
کام  تیشک  ئه گاته  تیشکی  نێو  نیگای؟
کام  تاسه؟  کام  مه یل،  کام  چاوه نواری
ته لیسماوییه    وه ک    هێی    دڵداری؟

**ئه ی نه ی**

ئه ی نه ی چییه وا به سۆز و سازی؟
بۆچ تۆش وه کوو ئێمه عیشق بازی؟
یا   مه حره می   رازی   عاشقانی؟
بو  ئاهی  ده روونی  ته رجومانی؟
له برِیزه  دڵی  زه عیف  و  زارم،
له و  عیشقه  مه ئالی  ئیزتیرابه،
له و  تایه  که  پێوه  بێقه رارم،
له و سه ممه  که موهلیکی  شه بابه!
ئاماڵی  عه زیزی  نه و  جه وانیم
پاماڵی   مه زاڵیمی   زه مانه؛
هه ر  سانییه یه ک  له  زینده گانیم
عه سرێکی هه موو  خه می جیهانه!
ئه ی نه ی ده به نه غمه یی خرۆشان
ئه م  ناوه  به  جارێ  پڕ  سه دا  که؛
بو  روحی  شکسته  باڵی  نالان
لاوانه یه ک  بۆ  کوڵ  ئه دا  که!

**عه بدوولّلا گۆران**

دوو شێعر لە کتێبی «ملوانە کە ی شین»ی مامۆستا شە ریف:

**بگری ...**

دایە گیان بگری لە سە ر خاکم کە وا شینم دە وێ
زۆر بگریە دایە گیان فرمێسکی خوێنینم دە وێ

من گوڵی سە د ئارە زووی ژینم لە خاکا خە وتووە
خاکی مە یدانی خە بات رە نگینی خوێنی من بووە

دامە نیشە دایە گیان بۆ هاتنی من چاورێ
دڵنیابە، بە سیە تی، بۆ دە نگی دە رگا مە گرە گوێ

دایە گیان سوێندم بە فرمێسکی گە ش و ئیشی دڵت
دایە گیان سوێندم بە جە ور و مە ینە تی بێ حاسڵت

من دە مێکە جە رگی سووتاندووم هە ناسە ی سە ردی گە ڵ
دڵپڕی کردووم خە می دە سکورتی و رە نگ زە ردی گە ڵ

من کوڕی کوردی شە هیدی رێ ی خە باتم دایە گیان
کوتری خوێنین پە ڕی باخی وڵاتم دایە گیان

هە ر وە کوو بیگانە یێ دڵ پڕ لە ناکامی و گرێ
لە م هە موو دە ستە، نە بوو دە ستێ، کە بێ و دە ستم گرێ

من لە شاری خۆم غە ریب و بۆ هە موو بێگانە خۆم
کوتری کوژراوی رێگای لانە خۆم، بێ لانە خۆم

دایه گیان بگری له سه ر خاکم که وا شینم ده وێ
زۆر بگریه دایه گیان فرمێسکی خوێنینم ده وێ

دایه گیان ئه و کیژه وا ئه تویس به بووکی تۆ ببێت
خوت بده پیشانی جارێک با به هیوای من نه بێت

تاکوو بتبینێ که ره ش پۆشی له سه ر تا پاته وه
به ڵکوو بڕوا و دڵنیا بێ و من له بیره و باته وه

دایه گیان بگرێ له سه ر خاکم که وا شینم ده وێ
زۆر بگرێ دایه گیان فرمێسکی خوێنینم ده وێ

**دیل**

وه کو ئاوی بنی گۆمێ که جێ مابێ له رووبارێ
وه کو به ردی سه ری شاخێ که دانرابێ له دیوارێ

وه کو کاتێ گه ڵای زه ردێ ده سی به ربێ له سه رداری
دڵم ته نگه له ته نیایی نه هاوڕازێ نه خه مخوارێ

من ئه و به رده ی گرفتارم، که دیلی چینی دیوارم
من ئه و ئاوه ی بنی گۆمم که جێ ماوم له رووبارم

گه ڵای زه ردم، مه لێ پیرم، منم دڵداری زنجیرم
له بیرم دێ که سی ساڵه له به ندیخانه یه خسیرم

له تاریکی ژیانم دا، له سوچی زه ردی زیندانا
به مۆره ی نه ردی ناکامی، به جارێ عومری خۆم دانا

به ڵێ ئه و ساته لاوێ بووم وه لێ ئێستا وه ها پیرم
هه یه جارێ به سه رهاتی خه مینی خۆم نیه بیرم

قه ره وڵ دێت و ڕاده برێ، شه وانی عۆمرم ئه ژمێرێ
شه وێکیش وا منی دیلی، به ده ستی مردن ئه سپێرێ

دوو هه لبژاده به رهه م له کتێبی «گه زیزه»ی سه عید نه ججاری «ئاسۆ»:

هیند دڵم ته نگه ده ڵێم به و شه وه له م شاره بڕۆم
له وڵاتێ که جه فا حاکم و سالاره بڕۆم
نه وه فای لای که س و کاره و نه سه فای ماوه ژیان
با له ده س بێ به زه یی هه رچی که سی و کاره بڕۆم
نامه وێ ژینی وه ها پڕ له درۆ و ره نگ و ریا
خۆزگه به و رۆژه به ته نها وه کوو ئاواره بڕۆم
ده ور و به ر چه شنی نه خۆشخانه یه دوکتۆرێ نیه
شه رته له و شوێنه که ده رمان وه کوو ژاره بڕۆم
بو ده بێ هه ستی ئه وین ژێر ده سی پاره و پله بێ
له وڵاتێ که ئه وین دایمه له پای داره بڕۆم
ته مه چارشێوی شێعر سه نبوله رووبه ندی وشه
با له ئه وجێ که شێعر هه ستی بریندار ه بڕۆم
چونکه زۆرداری به ره نده ی گره وی ئه م گه له یه
عه هده له و شوێنه به ده س تاقمی بێعاره بڕۆم
کێ ده زانێ چ له نێو ئه م دڵه دا راده برێ
لێم گه ڕێن پا به غه مینی منی بێ چاره بڕۆم
یارمه تی دا که سێ ئاسو، له ده س ئه م ژینه ده با
تاکو ئه و جێیه ئه وین سه روه ر و سه رداره بڕۆم

بۆکان

لێو رێژه جامی سه بری دڵ ئه ی مانگ و په رووینم وه ره
تا كه ی به هیوای وه سڵی تۆ ، ئه ی رۆحی شیرینم وه ره
تۆ هێزی باڵ و ده ستمی ، شه وقی شه وانه ی هه ستمی
رێنوێنی رێی هه ڵبه ستمی ، ئه ی رۆحی شیرینم وه ره
من بێ كه سێكم كه س ئه تۆی من دیل و فریاره س ئه تۆی
چاو مه س ئه تۆی چاو به س ئه تۆی، ئه ی رۆحی شیرینم وه ره
تا كه ی غه می دڵ كۆ به كۆ، رۆژ ده ردی تۆ، شه و ده ردی تۆ
روژ كه م به شه و، شه و كه م به رۆ، ئه ی رۆحی شیرینم وه ره
من شووشه یه ک خاڵی له مه ی، تۆش باده گێڕی به زمی كه ی
توونی به جامت تا به كه ی ، ئه ی رۆحی شیرینم وه ره
تا كه ی شه می دڵ بێ شه ره ر، قرچه ی خه به ر كا زینده وه ر
تۆش وا له حاڵم بێ خه به ر ، ئه ی رۆحی شیرینم وه ره
بێ تۆ برای ده ردم ئه من ، داری گه ڵای زه ردم ئه من
بۆچی مه گه ر به رده م ئه من ، ئه ی رۆحی شیرینم وه ره
تۆ شه مع و من په روانه تم ، تۆ شێخ و من دێوانه تم
تۆ ئه شقی من ئه فسانه تم ، ئه ی رۆحی شیرینم وه ره
من گێژی سیحری خه نده تم ، ئاسۆی خه می سه د هێنده تم
تۆ ساحه بی من به نده تم ، ئه ی رۆحی شیرینم وه ره
بۆكان 67/5/15

دوو شێعر لە کتێبی «تاپۆی وەرزێکی سەوز» لە ئەمین گردیگلانی:

**بۆ بە جێت هێشتم؟**

دلم خنکا لە نێو گێژاوی خەمدا بۆ بە جێت هێشتم؟
روحت بردم، لەشی سەردم بە جێما بۆ بە جێت هێشتم؟

بزەی مانگە شەویش تۆرا لە هۆدەی سارد و تاریکم
لە نێو ئەم گۆڕە دا جەستەم پڕووکا، بۆ بە جێت هێشتم؟

لە ژێر هەنگاوی شەو بادا گەڵای ویشک کە خشپەی دێ
دەلەرزم، دادە خورپێ دل، لە گەڵیا، بۆ بە جێت هێشتم؟

لە ترپەی پێت دەچێ وا شەو دەهاتی دەست لە ئەستۆم کەی
دلم تەنگە - گوڵم – ئەمشەو بە تەنیا بۆ بە جێت هێشتم؟

گوڵم، بێ تۆ لەشی ساردم وەکوو بابردەڵە و پووشە
کە باهۆزی مەرگ دێ ڕۆژێ دەمبا بۆ بە جێت هێشتم؟

**ته وژمی خه م**

ته وژمی تاڵی ژان و خه م گه رووی شێعری خنیم ئه مشه و
هه تا سینه م له لیته ی زۆنگی به دبه ختی چه قیم ئه مشه و

له شامی تاری غوربه تدا غه ریب و هه ڵوه دا و بێ که س
له به ندی سه ردی مه ینه تدا به شه خته ی خه م رزیم ئه مشه و

وه ها روخساری ئاسۆی ژینی داپۆشیم مژی مه ینه ت
وه کوو جه سته ی شه وی تاریکی سه رماوه ز ته زیم ئه مشه و!

له ت و کوت بوو به به ردی ناهومێدی ئاوێنه ی عه شقم
غوباری لێڵی خه م بۆیه سه مای ژینی ته نیم ئه مشه و

به وێنه ی په ڕپه ڕۆکێکی په ڕ و باڵ هه ڵوه ریوم من
که داپیرۆشکی خه م تاری به ده ورێدا ته نیم ئه مشه و

گوڵم بۆ دینی پڕشنگی هه تاوی خۆشه ویستی تۆ
به باڵی دڵ هه تا ته شقی ئه وینداری فڕیم ئه مشه و

چه ند چوارینه له شێعره کانی عومه ر سولتانی «وه فا»:

**دوو چوارینه**

ئه تۆ شابسکی شێعر و پێکه نینی
ئه تۆ چه بکه ی بزه و ئاهه نگی ژینی
ئه تۆ باغی هه زار ئاوازی هیوای
گزنگی شه ونم و لوتکه ی ئه وینی

+++

ئه من تابوتی سنگ و گۆڕی چاوم
ئه من به ژنی شه ووداوی پساوم
ئه من مه رگی بزه و ئه سرینی ده ردم
هه ناسه م،دووکه ڵم، شووشه ی شکاوم

+++

گوتم پردێکی هەڵبەستین و بەستم

گوتی مەمکۆڵەکانم بمژە , گەستم

لە لێوی ناسکی ماچێکی دامێ

کە یەکساڵە لە بەر ئەو ماچە مەستم

+++

چ خۆشە تیشکی کوڵمەت تاوی من بێ

چ خۆشە بانگەوازت , ناوی من بێ

چ خۆشە ماچێ لەو دوو لێوە ئاڵەت

لە کاتی تونیەتیدا , ئاوی من بێ

**چه ند چوارینه له کتێبی «قه ڵای راز» ی ژیلا حسینی:**

یا ره ب به ئومیدی که ره مت غه رقی ئه وینم
خه مبار و برینداره دڵم زار و خه مینم
مه شکێنه دڵی عاشقی زارت به سه ری خۆت
وه ک ئاوینه یه له ت له تی که ی هه ر تۆ ئه بینم

✦✦✦

مه خمووری شه رابی نیگه هت پڕ له مرادم
حه یرانی غه می هیجری ئه تۆم ناچی له یادم
مه ولوودی ئه وینت له دڵی پڕ له کوڵی من
ده رمانه، شه فایه ، بزه یه ، بۆیه که شادم

✦✦✦

بۆ نه گریم بۆ نه که م گریان و شین
دڵ له کوڵدایه و ده روونی من خه مین
ئاسمان تاریکه ئاسو پڕ له کین
وا ئه وین نه مری، ئه وین نه مری، ئه وین

✦✦✦

که تۆ هاتی له گه ڵتا پێکه نین هات
که رۆیشتی هه ناسه ی سارد و هه یهات
هه مووی هه ر هات و چوونه کاری دنیا
به ته نیا هه رخه مه هه ر دێ ئه گه ر هات

✦✦✦

خۆش ئه‌و یاره‌ ی شه‌ ریکی کات و ده‌ م بێ
له‌ شه‌وگاری درێژا نووری شه‌م بێ
دژی روژگاری چه‌وت و تووش و ناخۆش
بۆ خاتووزینی دڵ ئه‌و کاکه‌ مه‌م بێ

## فه‌ڵه‌ک هه‌تا که‌ی

فه‌ڵه‌ک هه‌تا که‌ی، فه‌ڵه‌ک هه‌تا که‌ی...
فه‌ڵه‌ک له‌ ده‌رگات سزام هه‌تا که‌ی...
تا که‌ی په‌شێو حاڵ ڕه‌نگم زه‌رد، وه‌ک به‌ی
تا که‌ی ناڵه‌ ناڵ بناڵم چون نه‌ی
تا که‌ی له‌ش به‌ بار له‌ خاکا که‌وتوو
تا که‌ی ده‌رد و ئێش بم کا به‌ مردوو
تا که‌ی فریشته‌م چاوی له‌ خه‌و بێ
تا که‌ی ڕۆژی ڕوون له‌ لای من، شه‌و بێ
تا که‌ی بڵێسه‌ی گیانم ، له‌ تاو بێ
تا که‌ی خۆراکم خوێن و زوخاو بێ
تا که‌ی ئاگری ده‌روونم گه‌ش بێ
تا که‌ی له‌ شادی دڵم بێ به‌ش بێ
تا که‌ی سکاڵام له‌ ڕۆژگار بێ
تا که‌ی ده‌ربه‌ده‌ر جێگه‌م «کۆسار» بێ
تا که‌ی ژیانم له‌ یاران جیا بێ
تا که‌ی ڕووم له‌که‌ی ڕه‌شیی تیا بێ
تا که‌ی مه‌ینه‌ت کێش ده‌ردم کاری بێ
تا که‌ی ژیانم بێ قه‌راری بێ
تا که‌ی به‌ حه‌سره‌ت دڵم تاسا بێ
تا که‌ی شه‌ش ده‌رم ڕێگه‌ی گیرا بێ
تا که‌ی «دێوانه‌ت» له‌ کۆساران بێ
تا که‌ی فرمێسکم تاوی باران بێ
تا که‌ی بێ‌مروه‌ت ، بزانه‌ حاڵم ...
تا که‌ی به‌ جه‌فای تۆ وه‌ بناڵم

یا لەم بەندەدا تۆ ڕزگارم کە
یا بە یەکجاری شێت و هارم کە

وەلی دێوانە

# شێعری نوێی کوردی:

دوو شێعر لە کتێبی «خه وه به ردینه»ی سواره ئیلخانی زاده:

**شار**

گوڵم!
دڵم پڕه له ده رد و کوڵ
ئه لێم بڕوم له شاره که ت
ئه لێم به جامی ئاوی کانیاوی دێیه که م
عیلاجی که م کوڵی دڵی پڕم، له ده ردی ئینتزاره که ت
وه ڕه ز بوو گیانی من له شار و هاڕه هاڕه ی ئه و
له رۆژی چڵکنی نه خۆش و تاوویاوی شه و
ئه لێم بڕوم له شاره که ت
له شاری چاو له به ر چرای نێئون شه واره که ت
بڕومه دێ که مانگه شه و بزێته ناو بزه م
چلۆن بژیم له شاره که ت
که پڕ به دڵ دژی گزه م!؟
له شاره که ت، که ڕه مزی ئاسن و مناره یه
مه ڵێ ئه وین غه واره یه
ئه ڵێی له ده وری ده ست و پێم
ئه وه ی که تیل وتان و رایه ڵه، که له بچه یه
ئه وه ی که په یکه ره میسالی داوه ڵه
ئه وه ی که داره تێڵه، مه زهه ری قه ناره یه
له شاره که ت که مه ندی دوو که ڵه
که دێته ده ر له ماڵی ده وڵه مه ند

وتیشکی بێ گوناهی خوره تاو ئه خاته به ند
له هه ر شه قام و کووچه یه ک شه پوری شینه
دێ به ره و دڵم
ده ستی گه رمی ئاشنا نیه که ئه یکوشم
ده ستی چێوییه
له شاره که ت زه لیله شیر،
باوی ڕێوییه
به هه ر نیگایه ک و په تایه که
ئه ڵێم بڕوم له شاره که ت
گوڵم، هه ریمی زونگ و زه ل
چلۆن ئه بێته جاڕه گوڵ
له شاری تۆ، له بانی عه رشه قۆندره ی دڕاو
شاره که ت
ئاسکه جوانه که م
ته سکه بۆ ئه وین و بۆ خه فه ت هه راو
کێ له شاری تۆ، له شاری قاتڵی هه ژار
گوێ ئه داته ئایه تی په راوی دڵ؟
منێ که گۆچی تاوی گه رمی به رده واره که ی عه شیره تم
به داره ته رمی کووچه ته نگه کانی شاره که ت
ڕا نه هاتووه له شم
بناری پڕ به هاری دێ
ره نگی سوور و شین ئه دا
له شێعر و عاتیفه ی گه شم
ئه ڵێم بڕوم له شاره که ت گوڵم

**تۆ دە ریامی**

تۆ دە ریامی!
تۆ دە ریامی! بە روانینی دوو چاوی شینی بێ بنت؛
بە خاوێنیت، بە ئارامیت
تۆ دە ریامی!
بە شە پۆلی لە نجە و لارت
بە توورە یی جار بە جارت
بە شە نگە ژینت
بە سامیت، تۆ دە شتی ئە وپە ر نادیاری!
بۆ چۆڵ بڕی لە پێ کە وتوو
تاپۆی شاری
تۆ روح سووکی وە ک خە ونی خۆش
وە ک هە ناسە
جێ ناگری لە توێی شێعرا چە شنی تاسە
تۆ تراوکە ی!
گاهێ دیاری،
جارێ نە دیاری،
هیوای بە تینی رێبواری
تۆ شوڕە بی ناو شورە کاتێکی گە رمی
لە بە ر نیگای تاسە باری ئە ویندارا
خۆداپۆشیو
بە لک و پوی کە زیە ی نە رمی
بە ڵام ئە ی کیژ!
ئە ی چاو نە رم
ئە ی خە نجە ری تولە ی ڕق تیژ
ئە مڕو من لە خە ستە خانە م

نه وشیارم، نه له سه ر خۆ
لایه کی بیرم لای ئه و گه نجه یه
به ده می بڕین پێده که نی
به شووره ی وه ک پۆلای له شی
رێگای چه کمه ی سووری خوێن و
ده ستی ره شی «به عسی» ته نی
لایه کی بیریشم لای تۆ
نا، ئه ی هه نیه ت وه ک مانگه شه و
نا، ده ریای مه ندی چاو به خه و
گڕی ئاخ به ر مه ده گیانم،
به نیگای ئاشنای لێ کوژراوان مه متاسێنه
خۆم زامارم
به خوێی توانج
مه مکولێنه وه، مه مسووتێنه
مه ڵی: خوزگه ده زگیرانم
پاڵه و پشتی ژیانم
بمردایه ... !
✦✦✦
به ڵام ئه مرۆ
که هه ر ساتێ دڵی دایکێ
له کوردستان هه لئه قرچێ
به هه ر بومبای سووتێنه رێک، پێشمه رگه یه ک
داری چاکێک دائه قرچێ
نه تکوتبایه لایه کی بیرم لای تۆیه
مه گری و مه ڵی ده زگیرانت رنجه رۆیه
به و زاره ی له زه رده زیزه
به ئارامی که شێوه ی دڵمه ندی تۆیه
مه ڵی: به س ئه م گوفت و گۆیه

تۆ لات وایه من نازانم
سکاڵای دڵداری خۆشه؛
به ڵام من ئه مرۆ به شێکی کوردستانم،
کیژی سه د برا کوژراوی نیشتمانم
تازه ماسی تازه باری ده ستی تینووت
رێی نیه بۆ ده ریای سینه م
هێنده ی خوا خۆشه ویستی
به ڵام من کیژی کوردم
جه هه نه مه گڕی کینه م.

«1352»

خۆشه ویستی وڵات زۆره ...
له کوردستان
شۆخ و شه نگتر
خوێن گه رمتر
وڵات زۆره ...
له کوردستان
چاوی گه شتر
ئێسک سووکتر
وڵات زۆره ...
له کوردستان
قسه خۆشتر
ده س ره نگیرتر
وڵات زۆره ...
به ڵام ئه ی کوردستانه که م
ولات نیه هه رگیز له تۆ
خۆشه ویست تر ...

**شیرکو بی که س**

ـ ئه م سه ده یه ...
سه ده ی گوڵی نایلونه
سه ده ی دڵی نایلونه
سه ده ی وه رزی ئه وین نیه
سه ده ی نان و هه نگوین نیه
ئه م سه ده یه
سه ده ی مه رگ و درۆیه
سه ده ی زام و چه قۆیه

ـ له به ر ده رگای شا پاسه وان بووم
ئه وه ی ئه هات له ملیم ئه دا
که لام کردوه، هه ر چیم کوشتبوو
شێوه ی وه کوو خۆم وابوو ...

**له تیف هه لمه ت**

**چه مه ری خاکی سووتاو ...**

ئه ی ئه وانه ی سه دان ساڵه
تووی خوێن و له خۆ بوردن
ده وه شێنن
ئه ی ئه وانه ی سه دان ساڵه
لانکه کان له کۆڵ ده که ن
تامی ده رد و داخی ناسور
به کۆڵ ده به ن
له م بن ده وه ن بۆ ئه و ده وه ن
ئه ی ئه وانه ی به درێژه ی ژین
چیا و کێوتان له باوه شی خۆتان ناوه
ته نیا چه ک و
ئاواره یی و
گورستانتان له دوا ماوه
لێ بوردنتان
خوڕاگری و چه وری ژینتان
چیای خه م و ده ریای وه فا
ملکه چ ده کات
به ڵام ئێوه
زه رده په رتان
وه ک کازێوه له کۆڵ ناوه .

**جه لال ئازادیخواز**

چه ند به رهه مێک له دوکتور عه بدوڵڵا په شێو:

**له به ر ده رگه**

شه و ڕاشکا
ئه ژنۆم شل بوو.
مانگ به تاقی ئاسمانه وه هه ڵپرووکا:
ده ر گه که تم لێ بکه وه.
ئه م شه و هاتووم
بۆ چنینی چه پکه نێرگزێکی چاوت.
بۆ نووچ دانێ.
بۆ خه ونی ... توزه گریانێ ...
له سه رهه وری قژی خاوت.
✦✦✦
ئه مشه و هاتووم،
ترووسکه ی شاری یادگار بانگی کردووم
له گه ڵ سیمای منالیما،
له گه ڵ خه می شوره بیما،
هاتووم و ناگه ڕێمه وه:
یا پێت ده گه م؛
یا، وه ک مومێک، ده سووتێم و ده توێمه وه!
✦✦✦
ده رگه که تم لێ بکه وه
هه ر دڵداره که ی جارانم،
هه ر کێلگه که ی جارانم،
هه ر تینوه که ی کرێوه و لێزمه ی بارانم.
✦✦✦
ده رگه که تم لێ بکه وه

من ئه و كه سه م،
تا دوێنی بوو،
له ناو گه رووی ڕوناكیدا ده تشاردمه وه
له ناو جامی مه ترسیدا ده تخواردمه وه.
✦✦✦
كات -
له ژێر باڵی ئاسماندا،
خه ریكه باوێشک ده دات.
شوێن –
قوڵه ره شێكی كپه
ده رگه كه تم لێ بكه وه،
شتێک نی یه شیرین تر بێ
له خشپه ی پێ و چرپه ی چپه!
✦✦✦
ده ر گه كه تم لێ بكه وه،
كفت و ماندووی رێگه ی دوورم:
وه كوو جاران،
كه مێک له لات ده مێنمه وه و ڕاده بوورم.
✦✦✦
شه و ڕاشكا
ئه ژنۆم شل بوو.
مانگ به تاقی ئاسمانه وه هه لپرووكا:
ده رگه كه تم لێ بكه وه
دارو به ردی به ر ده رگه تان هاتنه تكا!
1969-هه ولیر

## خه ون

سندمیان کرده هه ر دوو پێم
که له پچه یان کرده ده ستم
خه نجه ر نیشته سه ر گه ردنم
لێ یان پرسیم: ناوی چی یه خۆشه ویستم؟
بێ ده نگ وه ستام، وه ک سه نگی مت
دامه قاقای پێکه نین و هیچم نه گوت!
✦✦✦
چاویان کوڵیم
سه ریان بڕیم
به خه نجه ر دڵیان شه ق کردم
خوێنم، وه ک هه وره تریشقه،
شریخاندی و هه ر نه مردم
✦✦✦
کاتێ خوێنم فڕکه ی کردۆ
وه کوو چه پکه گڕێک پژا به سه ر عه ردا،
جه للاده کان،
هاتن، په نجه یان تێ وه ردا
هاتن، چیڵکه یان تێ وه ردا.
پیتی ناوێکی سه ربڕاو،
نه خشه ی وڵاتێکی دزڕاو،
تێکه ڵاو بوون وه ک تان و پۆ،
یه کلایان نه کردوه،
هه رچه ند په نجه یان تێ وه ردا!
هه رچه ند چیڵکه یان تێ وه ردا!
1974/10/17 - موسکو

**ئه گه ر ئه مجاره بێمه وه**

ئه گه ر ئه مجاره بێمه وه:
به یانی یان،
وه ک به رخۆله یه کی ساوا،
له ناو قه رسیلی پاراوا،
تل ده خۆم و گیاییێکی تفت تێرتێر ده جووم،
تا کفت ده بم،
پێ و به له کم له شه ونمی سارد هه لده سووم!
✦✦✦
ئه گه ر ئه مجاره بێمه وه:
وه ک سه موره،
به دار گوێزه به رزه کانا هه لده گه ڕێم.
وه ک په ڵه هه ورێکی نه وی،
به سه ر کێلگه سه وزه کانا ده خولێمه وه.
وه ک شه نگه بی،
به سه ر چه ما،
به سه ر گشت زناره کانی
که نارا
ده چه مێمه وه.
ئاخ، به س ئه مجاره بێمه وه!
✦✦✦
ئه گه ر ئه مجاره بێمه وه:
سه رنج ده ده م،
گوڵه گه نم چۆن زه رد ده بێ،
هه نار و سێو چۆن پێ ده گه ن،
قه تی یه کان
هێلانه یان چۆن چی ده که ن!

سه رنج ده ده م،
زه رنه قووته چۆن باڵ ده گرێ،
په ره سێلکه کۆچه ره کان
له سه ر تێلی کاره بای رێ، چۆن ریز ده بن
جۆگه له کان له کوێوه دێن ...
بۆ کوێ ده چن!
ئه گه ر ئه مجاره بێمه وه:
له گۆی مه مکی هه ر کانی یێک،
قومه ئاوێک ده خومه وه
گشتیان ده که م به دایکی خۆم.
له هه ر ئه شکه وتێکا،
شه وێک،
سه ر به گاشه به ردێک ده که م
گشتیان ده که م به لانکی خۆم!
✦✦✦
ئه گه ر ئه مجاره بێمه وه:
زمانی گڕ ده هێنمه وه –
بۆ لاڵه کان
شاپه ڕی گڕ ده هێنمه وه –
بۆ فڕنده بێ باڵه کان
✦✦✦
ئه گه ر ئه مجاره بێمه وه:
ناهێلم لاوان گوڵ بچنن
بۆ گوڵدانی مردووی سه ر مێز
فێریان ده که م،
که چوونه ژوان،
له به رۆکی کچانی ده ن
پێش ئه وه ی بیانکه نه ئامێز!

✦✦✦

ئه گه ر ئه مجاره بێمه وه:
- مناڵانی موسکۆی چاوشین فێریان کردووم
بێ شیرینی سه ر ناکه م به هیچ ماڵێکا،
زۆر جۆلانه ی نه رم و ساده
بۆ مناڵان هه ڵده به ستم،
له جه ژنی له دایک بوونیانا
- که نیانه! -
به شدار ده بم،
له باتی مۆم، داده گیرسێنم ئه نگوستم.
گڕ به ر ده ده م له گلێنه ی چاوه کانم،
له ساواترین هه ڵبه ستم!

✦✦✦

ئه گه ر ئه مجاره بێمه وه:
- هه ر بێشکه یێکم بێته ڕێ،
به شینه یی،
به سه ریا ده نووشتێمه وه.
ئاخ، منالان!
ئاخ، به س ئه مجاره بێمه وه!
1975/5/16 -موسکۆ

**نا كه وين**

ئێمه وه ک دره ختين:
جار هه يه ده خه وين.
ده خه وين،
وه ک شوانی دوای شه وين.
به ڵام له خه ويشا،
به پێوه ين.
به پێوه ين، ناكه وين.
1975/7/8- گوندی ئيگۆ مينكه

**كوردستان**

كێلگه ده سترێ بۆ باران
چيا بۆ هه ڵۆ
رووبار و چه م بۆ نه وه ستان
خۆر بۆ ئاسۆ
ئاگرپه ره ست بۆ ئاته شگه
با بۆ چرۆ
ئه ستێره و مانگ بو سپێده
منيش بۆ تۆ
كوردستانم: منيش بۆ تۆ!
1977/10/5- موسكۆ

## سه ربازی ون

که  وه فدێ ده چێته شوێنێ،
بۆ سه ر گۆڕی سه ربازی ون،
تاجه گوڵینه یه ک دێنی.
✦✦✦
ئه گه ر سبه ی،
وه فدێک بێته وڵاتی من،
لێم بپرسێ
" کوانێ  گۆڕی  سه ربازی  ون؟ "
ده لێم:
« گه وره م!
له که ناری هه ر جۆگه یێ
له سه ر سه کۆی هه ر مزگه وتێ،
له به ر ده رگای
هه ر ماڵێ،
هه ر کلیسه یێ،
هه ر ئه شکه وتێ،
له سه ر گابه ردی هه ر شاخێ،
له سه ر دره ختی هه ر باخێ،
له م وڵاته،
له سه ر هه ر بسته زه مینێ،
له ژێر هه ر گه زه ئاسمانێ،
مه ترسه! که مێک سه ر داخه و
تاجه گولینه که ت دانێ! »
1978/11/5- موسکۆ

**نه ورۆزی 1979**
ئه م ساڵ بێ چیا نه ورۆز ناکه م.
بێ بۆنی گیا نه ورۆز ناکه م.
نه ورۆز ناکه م، بێ بلیسه ی سووری ئاگر،
نه ورۆز ناکه م، ئه گه ر ڕه شبه ڵه ک تۆز نه کاو،
خۆم نه بم به سه رچۆپی گر!
✦✦✦
کزه ی جه رگم:
به یانی زۆر هه ڵمسێنه!
زۆر ده ترسم،
که وێک،
کارێک،
گوندێک،
شارێک،
چه مێک، چیایێک له بیر بکه م!
زۆر ده ترسم،
دارێک،
به ردێک،
کوختێک،
گه ردێک،
بنجه گیایێک، له بیر بکه م!
بیانی زۆر هه ڵمسێنه!
دیسان مه ڵێ: « با تیِر خه و بێ »
سوێندم به چیا خواردوه،
که کوردستانه دووره که م
به گه رمێن و کوێستانه وه،
بگوازمه وه بۆ غه ریبی – بۆ ژووره که م! 1979/3/20- موسکۆ

**به سته ی دڵدار**

له ژێر ئاسمانی شینا،
له پاڵ لووتکه ی به فرینا،
کوردستان گه رام،
دۆڵاو دۆڵ پێوام؛
✦✦✦
نه له شار و نه له دێ:
نه مدی که س
وه ک تو جوان بێ!
تۆیت و به س
کچه کوردێک دڵ پێی شاد بێ،
وه ک فریشته و په ریزاد بێ؛
✦✦✦
نه باریکی، نه گۆشتن،
نه کچوڵه ی، نه شا ژن،
نه زۆر چاو ره شی
نه ئێجگار گه شی
بەڵام به نیگای شیرین
نه مدی که س وه ک تو به تین
تۆیت و به س!
لێت بێ بزه ی مانگه شه وی!
به ژن رێک و ره وتی که وی.
✦✦✦
له و روژه وه تۆم دیوه
عه شقێک له دڵ چه سپیوه!
ساتێ دوور بی لێم،
گڕ به ر ئه بێ تێم،

که ده ست له یه خه ت گیر نابیٚ!
له لای که س
دڵ ژیر نابیٚ؛
تۆیت و به س
په نای هیواو و خه و بینینم،
ئاواتی گیانی شیرینم!
✦✦✦
ئه و سا که توم نه دیبوو،
ژینم تاڵی و ترشی بوو؛
بیٚ شادی و ئارام،
بیٚ هیوا و و ناکام،
نه ژیام: ژینی سه ر سه ری؛
نه هه بوو که س
بو ڕابه ری؛
تۆیت و به س
ریٚگای هیوا نیشانده رم،
سه ختی ژیان ئاسانکه رم!
✦✦✦
ئه ی گه وره کچی «زه ووس»!
خوشکه جوانه که ی «ڤیٚنووس»
تۆ ئه په ره ستم
بۆیه وا مه ستم!
بۆ ئایینم ئه گه ڕیٚ
هه ندیٚ که س؛
با جاڕ بدڕیٚ:
تویت و به س
✦✦✦

قیبله ی ئایین و باوه رم،
خوای به هه شتی دڵی ته رم!
وه ک سه ره ڕۆی شوێن ئامانج،
نه زاز ما نه کرمانج،
گه رام کوردستان،
گه رمیان و کویستان:
نه له شار و نه له دێ،
نه مدی که س
وه ک تۆ جوان بێ؛
تۆیت و به س
کچه کوردێک وه ک گوڵی وابێ،
کوردستانی پێ ئاوا بێ!

**عه بدوڵڵا گۆران**

چه ند به رهه م له کتێبی « قه ڵای راز»ی ژیلا حسینی:

**کچه که گیان**

کچه که گیان
پێش چاوی تۆ گه لێ چاوی ترم دیوه
ماسی خوزگه ی نیگاکانم
ڕووباری زۆر نیگای تریشی ناسیوه
بەڵام هیچیان هێنده ی چاوه نه رمه کانت
له کاتی خوێندنه وه ی شێعری دڵداریتا
گه رم نه بوون
کانگای حه یا و شه رم نه بوون
پڕ به ناخی دایکا یه تیم
خۆشم ویستی
ئه و کاته ی وا شه رمێکی جوان
لێوی گه ستی.

**دڵداری**

خۆشم ئه وێی
هه رچه ن ئه زانم
پێش منیش ئه و چاوانه ت له که سانی که ش بڕیوه
ڕسته ی ئه فسووناوی عه شق و دڵداریشت
بۆ که سانێکی تری پێش منیش ده ربڕیوه
هه ر چه ن ئه زانم بێ وه فای
ته مه نی عه شقه که ت کورته

هه وایه که و بۆ ماوه یه کی که م خایه ن
وا له سه رتا.

**ژیلا حسینی**